# ژیانی کەمپەکان شایستەی ئینسان نی یە !

## ئازادیخوازان، ئینسان دۆستان، پارت و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەی یەکان، نقابە کریکاری یەکان لایەنگرانی مافی مرۆڤ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن

هیدایەت مەلا علی

بەڕێزان بەم نامەیە سەرنجتان بۆ کارەساتێکی ئینسانی گەورە ڕادەکێشم کە لەم ولاتەدا ڕوو دەدات.

کارەساتی ژیانی سەدان ئینسان لە نێو کەمپەکان، ئەو ئینسانە شەریفانەی کە لە دەست دەستەلاتی سەرکوتکەرانەی ( سدام حسین) و حکومەتەکەی و هەروەها نا ئەمن بوونی کوردستان هەلهاتوون ودانیمارکیان وەك جیگایەکی ئارام هەلبژاردوە، بەلام بەداخەوە لە نزیکەوە بینمانن ژیانی ئەو ئینسانانە یەکیك لە گەوەرەترین تراژیدیاکانی سەردەم نیشان دەدات.

پێ دەچێت ئێوە وەك پێویست ئاگاداری ئەوە نەبن کە لەم سەردەمی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیایەدا لە ولاتی دانیمارك هەندێ ئینسان هەبن کە بەو شێوە ژیان بەسەر بەرن، وەرن خۆتان ئەو ژنە ببینن کە لەکەمپی ( ( گالتن) ) ووتی : لێرە چاوەکانم کوێربوون، ئەو کوڕە گەنجە ببینن کە بە هۆی ڕەفزەوە بێ هقوقەو خواردنی کارتۆن وەردەگریت و هەموو لەشی تووشی حەساسی یەت بووە، ئە سەدان ئینسانە ببینین کە تووشی نەخۆشی دەرونی بوون و لەبەر خۆیانەوە بۆ ئایندە قسەئەکەن، پاشان تێ دەگەن لەوولاتی ریفاهەدا بەشێ لەم ئینسانانە چ ژیانیکدان، وەرن سەیری ژورەکانیان بکەن سێ کەس تا چوار کەس تیدایە بۆ خۆی جیگەی یەك کەسیش نی یە، من دلنیام لەم وولاتەدا زۆر کەس هەن ئامادەنین کە دوو سەگەکەیان لە یەك ژوور بخەوینن نەوەك باری دەرونیان تیك بچێت، بەلام بۆ دەبی ئینسان وا مامەلەی لەگەلدا بکریت، خەوتنی ٤ مندال لەگەل دایك و باوکیدا لە یەك ژووردا ئەبێ چ مانایەکی هەبێت، مانەوەی ٤ تا ٥ سال لە کەمپیکدا ئەبێت چ مانایەك بۆ ژیان بهێلێتەوە، سەرنج بدەن باوکیك یان دایکیك چوار سال مندالێ و ئاویزانی خۆیێ نەبینێت وچارەنووسی هەتا ئیستاش دیار نەبیت، سەدان ئینسان سیکس، خۆشەویستی، دەست لەملان بوونی ئازیزان و خۆشەویسیتەکانیان بووەتە خەون بینین، دوو دلی و بێ ئومیدی و نەخۆشی شەکرەو زەخت هەر ڕۆژە میوانی ئەم ئینسانانەیە، دەیان کیشەی کۆمەلایەتی بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی خیزانەکانیان لەیەکتر، ئەوە باسی دووری کەمپەکان لە ئاوەدانی و جۆری ژووری چیشتخانەو توالیدو حەمامەکانیان ناکەم، کە لە ڕاستی دا شەرمە ئەمڕۆ هەر ئینسانی ئەم پێداویستیە فەردی و سەرەتایانە هەر کەسەو هی خۆی نەبی، لەکەمپەکانی بینینی بالای فەرمانبەریکی تەندورسیت ٢٥ رۆژ پیویسیتە، کەمپەکان زینداننێکی کراوەن لەگەل سروشتی ئنیسانی ئەم سەردەمەدا نایەتەوە !

ئەی بەرەی ئینسان دۆست و ئازادیخوازان با ئەم کارەساتە کۆتایی پێ بهێنین با مەسولیەتێکی ئینسانی و میژووی کەلە سەرشانمانە ئەنجامی بدەین و بچین بەدەم ئەوانەی کە ژیانی ناو کەمپ خەریکە هەموو ژیانیان دەخوات، بابچین بەر بەمردنی هیواشی ئەو ئینسانانە بگرین و ژیانیکی ئارام و ئاسوودەیان بۆ مسوگەر بکەین، باهەموومان داوابکەین لەپەرلەمان و وەزارەتی هیجرەی دانیمارك کە کۆتایی بە ژیانی ناو کەمپەکان بهێنرێت و ماڤ پەنابەری بە هەموو ئەو ئینسانە بدەن کە ئومێدیان بە ژیانیکی باشتر و ئینسانی تر هەیە.

بژی ئازادی نیشتەجی بوون و ژیانیکی ئازادو ئارام

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە دانیماك

١٤ / ٣ / ٢٠٠٣

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣